


# مامۆستا سەعدوڵڵا محەممەد



**مامۆستا (سەعدوڵڵا محەممەد) ماوەیەکی درێژە لە ناو دونیای هونەردا کارئەکات، هەر لە زووشەوە لەگەڵ دونیای قەشەنگی منداڵاندا تێکەڵ بووە و چۆتە نێو دونیای ئاوازی گۆرانی بۆ منداڵان، سەرپەرشتیاری تیپی (پەپولەکانی کوردستانە) کەکۆمەڵێ بەرهەمیان پێشکەش بەمنداڵان کردوە.**
**بۆ ئەوەی زیاتر مامۆستا (سەعدوڵڵا محەممەد) بناسین لەم دیدارە کورتەدا بەسەرمان کردەوە.**

کەپر: مامۆستای بەڕێز کەی هاتنە ناو دونیای هونەر؟
- لە خێزانێکی هونەریدا، لە شاری کۆیەدا چاوم کردۆتەوە، لە قۆناغی سەرەتاییدا ئارەزووی مۆسیقا و نیگارکێشانم هەبوو، لە ساڵی ١٩٧٢ لە پۆلی دووەمی ناوەندی مۆسیقام ژەنی.

کەپر: یەکەم کاری هونەریت لەگەڵ تیپی (باواجی) کۆیە چی بوو؟
- لە تیپی باواجیدا مۆسیقاژەن بووم، لە ساڵی ١٩٨٦ دا یەکەم ئاوازم بە دەنگی سترانبێژ (مودریک رەزا) لە تەلەفزیۆنی کەرکوک بلاوکرایەوە.

کەپر: لە بواری هونەری منداڵاندا کەی دەستبەکار بوویت؟
- لە ساڵی ١٩٧٨دا کاتێ کە لە شاری رانیە بە مامۆستا دامەزرام، خولی مۆسیقام بۆ منداڵان کردەوە، لەوکاتەوە من چوومە ناو دونیای ئاوازی منداڵان، کەپێم وایە ئەم بوارە لەبوارەکانی دیکەی مۆسیقا گرانترە و ماندووبوونی زیاتری ئەوێت.

کەپر: بەڕێزتان وەک سەرپەرشتیاری تیپی (پەپولەکانی کوردستان) کەسەر بەکەناڵی ئاسمانی کوردستانە، ئەکرێت باسێک لەتیپەکە بکەن؟
- تیپی (پەپولەکانی کوردستان) لە ساڵی ١٩٩٩ دا دامەزراوە، بەرهەمە تۆمارکراوەکانی بریتین لە پتر لە ٤٠ سروود و گۆرانی، و ٦ ئۆپەرێت، و ١٠ بەرنامەی (ئاوازی پەپولەکان)، و ٨ ئاهەنگی قەشەنگی منداڵان، و ٢٠ منداڵی بەهرەمەند ئەندامی ئەم تیپەن.

کەپر: مامۆستا ئێستا چ پرۆژەیەکتان لە بەردەستدایە.
- لە راستیدا پرۆژەی گەورەمان لە بەردەستدایە بۆ بەرژەوەندی منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان، هیوادارین هونەرمەندان و دۆستی منداڵان هاوکارمان بن لەسەرخستنی پرۆژەکانمان.

کەپر: مامۆستا ئەگەر وتەیەکت لە کۆتایی ئەم دیدارە کورتەدا هەبێت؟
- هیوادارم ئەو کەس و لایەنانەی کە خزمەتی منداڵان ئەکەن بتوانن زوو زوو یەکدی ببینن و بیرورا بگۆڕنەوە و پرۆژەی هاوبەش ئەنجام بدەن، سوپاس بۆ ئێوەش کە خزمەتی منداڵان ئەکەن و هیوای سەرکەوتن و بەرە و پێشچوون بۆ گۆڤاری (کەپر) ی رەنگین و رازاوە ئەخوازم.